**کورتە وەڵام/14 پەکەکەو شنگاڵ و پارتی**

**شنگاڵ، شارە بریندارەکەی کوردستان! لەجیاتی ئەوەی کسپەیەکبێ لەجەرگی هەمو کوردێکدا، خەریکە ئەکرێتە زامێکی قوڵتر لەجەستەی کوردستاندا! هاندەری ئەو زامەش، نەک هەر لای من، لای داروبەردیش رونە کە ئەنکەرەو بەغداو تارانە.**

**ئێوە ئەی پەکەکەو پارتی: دەسم دامێنتان، دەس بۆ ئەو ئاگرە نەبەن کە خۆتان و نەتەوەکەشمانی پێئەسوتێ! لەجیاتی ئەوەی بەشەڕبێن لەسەر شنگاڵ، شنگاڵ بکەنە پشتوێنی یەکگرتنتان لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوە ستەمدیدەکەمان.**

**ئێوە ئەی گەریلاکانی پەکەکە، رۆژانە لەژێر تۆپبارانی ئەنکەرەدان، باکور بەئۆپراسیۆنەکانی جەندرمەی تورکەوە ئەناڵێنێ. ئەو موچەیەش کە لەبەغای وەرئەگرن، دانەی داوو ژاری کوشندەیە بۆتان!.**

**ئێوەش ئەی پارتی دیموکرات، هێشتا لەمەترسیی دائش و شەڕی چاوەڕوانکراوی هەشدی شەئبیدان!. شنگاڵیش نە مڵکی ئێوەیەو نە هی پەکەکەیە. شنگاڵ وەک شار، شاری برا یەزیدییەکانمانە. وەک خاوەنداریتی، هی هەمو نەتەوەی کوردمانە. وەبیرتانبێتەوە: بە رابەریی بارزانی مستەفا، لەشکری بارزان 1946چونە کۆماری کوردستان لەمهادو بەگوڵ و رێهانە پێشوازییان لێکراو پلەو پایەی شیاویشیان پێدرا. ئەی ئەمڕۆ ئێوە بۆچی هەمان جۆر پێشوازی لەپێنج هەزار گەریلا ناکەن کە رژاونەتە باشورو بەرگری لەشنگاڵ ئەکەن؟ ئەشێ بیانوتان ئەوەبێ تورکیای دراوسێتان نیگەران ئەکەن و ئەبنە هۆی ئەوەی دەرگای برایم خەلیل داخرێ و بۆرییە نەوتەکان سڕکرێن! یا ترستان لەوەبێ ئەوانە ببنە پاشکۆی ئیراک!؟ بەڵێ راستەو هەمو ئەگەرێک چاوەڕوانکراوە، بەڵام چارەسەری ئەو ئەگەرانە بەشەڕی براکوژی ناکرێ، بەڵکو شەڕێکی لەوجۆرە، کێشەکە ئاڵۆزترئەکاو ئاواتەکەی ئەنکەرەو بەغداو تارانیش دێنێتەدی!! ئەی چار؟ چار:**

**1-کشانەوەی گەریلاکانە بۆ قەندیل و بۆ باکورو بۆ رۆژئاوا.**

**2-لەئەگەری پێداگرتن لەسەر مانەوەیان لەباشور بەگشتی و لەشنگاڵ بەتایبەتی، چار: رێکەوتنێکی نهێنییە لەسەر نەکردنی شەڕی براکوژێ. بۆ دەمکوتکردنی ئەنکەرەو بەغداش، ئەگەر ئەو شەڕە هەر ناچاربێ، ئەوا با شەڕەکە بکرێتە شەڕی برادۆستی نەک براکوژی، بەمجۆرە: جارجار تەقە بەسەر یەکدابکەن، نەک تەقە لەیەکتر. بەڕاگەیاندنیش وایپیشاندەن کە ئەوەندە کوشتار لەملاو ئەوەندەش لەولا هەیە. لەهەمان کاتا، بەو هۆیەوە، ئەشتوانن چەک و یارمەتی لەو دو پایتەختە دوژمنە بکێشنەوە! پەیوەندیی برایانەی ئەو دو لایەنە کوردییەش لەگەڵ یەکدی بە نهێنی بەردەوامبێ. ئەم شێوازەش، پەیڕەوکرێ بۆ هەر شەڕێکی ناچاری نێوخۆیی. ئاخر سەدان**

**ساڵ داگیرکەرانی کوردستان، شۆڕشەکانی کوردیان بە کورد لەناوبردوەو پێمان پێکەنیون! با ئێمەش ساڵانێک بە ریشی ئەوان پێبکەنین. بەڵێ ئەبێ ئاوا سیاسەت بکەین.**